وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

# بەش : کوردی

# کۆلێژ: پەروەردەی بنەڕەتی

# زانکۆ: سەلاحەددین

# بابەت: پەخشان

# ناوی مامۆستا: د. تانیا ئەسعەد محەممەد سالح

# ساڵی خوێندن: 2024-2023

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | کۆرسی سالآنە |
| 2. ناوی مامۆستای بەر پرس | د. تانیا ئەسعەد محەممەد سالح |
| 3. بەش/ کۆلێژ | پەروەردەی بنەڕەتی/ بەشی کوردی |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل: Tanya.mohammad@su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن: 4812000 کورك |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | تیۆری: 2 |
| 6. ژمارەی کارکردن | ئامادەبوونی مامۆستای وانەبێژ بۆ قوتابیان لە ماوەی هەفتەیەکدا<br><br>لەحەفتەیەکدا (2) کاتژمێر |
| 7. کۆدی کۆرس | نییە |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | Webpage لەسەر ژیانی ئەکادیمی مامۆستا : وێبسایتی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی |
| 9. وشە سەرەکیەکان | ئەدەبی کوردی، فۆلکلۆر ،ئەدەبی کۆن و نوێ، پەخشانی کوردی ، دەقە کۆنەکان ، هونەرەکانی پەخشان |

**10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

لێرە مامۆستای وانەبێژ باس لە کۆرسەکە دەکات بە شێوەیەکی گشتی کە پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە بگرتەوە:

- گرنگی خوێندنی کۆرسەکە (بابەتەکە)
- تێگەیشتنی چەمکی سەرەکی کۆرسەکە
- بنەما وبیردۆزی کۆرسەکە
- زانینی تەواو بە لایەنە گرنگیەکانی بابەتەکە
- زانین وتێگەیشتنی پێویست بۆ دابین کردنی هەڵی کار

گرینگی خوێندنی ئەم کۆرسە لەوەدا دەردەکەوێت، کە هەوڵدەدات بۆ ناساندنی ڕەگەزی لە ڕەگەزە گرنگەکانی ئەدەبی کوردی ، بە گشت هونەرەکانی پەخشانەوە, وەخستنەرووی کۆنترین دەقی ئەم ڕەگەزە و گرنگی لەنێو دونیای ئەدەبی کوردیمان و بەراوردیان لەگەڵ ئەدەبیاتی میللەتانی دی و شوێنیان لەنێو ئەدەبیاتی میللەتانی هاوسێمان. هەروەها ئەم کۆرسە هەوڵدەدات بە ناساندنی هونەرەکانی نێو ئەدەبیاتی کوردیمان و تایبەتمەندێتی هەریەکە لەوانە .

لەلایەکی ترەوە ئەم کۆرسە هەوڵدەدات بۆ تیشك خستنە سەر هەر هونەرێ لە هونەرەکانی ( پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و مەتەڵ و هەقایەت و نامە و سەرگوزشتەی و ڕاگوزاری و هەقایەت و وتار و خوتبە و چیرۆك و ڕۆمان و دراما و جۆرەکانیان ) و ئاشناکردنی قوتابییان بەو هونەرە ئەدەبییانە و تایبەتمەندێتی هەریەکێکییان.

**11. ئامانجەکانی کۆرس**

ئامانج لەخوێندنی بابەتی (پەخشان) بە شێوەیەکی گشتی ئاشناکردنی قوتابییە بەسیماو تایبەتمەندێتییەکان و بەها و گرنگی و چەمك و ڕەهەندەکانی لە ئەدەبی سەرزارەکی نێو فۆلکلۆر و ئەدەبی نووسراومان لە پەخشانی کۆن و نویێ و هاوچەرخی کوردیمان. بەشێوەیەکی تایبەتیش ئاشناکردنێتی بەو ئەزموون و چوارچێوە هونەرییانەی کە لە ئەدەبی کوردیدا هەن ، ئەمەش گرنگیی خۆی هەیە بۆ قوتابیانی دەرچووی کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی، چونکە زۆربەی دەقە ئەدەبییەکانی پرۆگرامەکانی خوێندنی بنەڕەتی و باس لەم هونەرانەی ئەدەبی کوردی و چەشنەکانیان دەکەن . لە داهاتوودا بۆ ڕۆشنبیری خۆیان لە بابەتی ئەدەبی کوردیدا سوودی لێوەردەگرن.

**12. ئەرکەکانی قوتابی**

پێویستە قوتابی لە چالاکیی و بەشداری نێو پۆل لەتێکڕای ساڵی خوێندن، کە ئەمانە لەخۆدەگرێت: (ئامادەبوون و پابەندبوون، سمیناری ماوە کورت سەبارەت بەچەمکێکی تایبەت لەنێو بەرنامەی داواکراو ، خوێندنەوەی کتێبی پەیوەست بەباتەکەو نمایشکردنی پوختەیەکی لەماوەی چەند خولەکێکی کەمدا ، ئامادەیی بۆ تاقیکردنەوەی ماوە کورت و لەناکاو، بەشداری لە راڤەی بابەتەکە لە نێو پۆلدا و ئامادەکردنی ڕیپۆرت و سیمینار .

**13. ڕێگەی وانە ووتنەوە**

1. ڕێگای ئامادەکاریی (**طريقة المحاضرة**)
2. ڕێگای پرسیار و وڵام (**طريقة الإستجواب**)
3. ڕێگای گفت و گۆ (**طريقة المناقشة**)

**14. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

یەکەم: لە (40٪)ی نمرەکان، تایبەتە بە کۆششی ساڵانەی قوتابی، کە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەبن:

1. لە 20٪ تاقیکردنەوەی یەکەم
2. لە 20٪ تاقیکردنەوەی دووەم
3. لە 20٪ چالاکیی و بەشداری نێو پۆل لەتێکڕای ساڵی خوێندن، کە ئەمانە لەخۆدەگرێت: (ئامادەبوون و پابەندبوون، سمیناری ماوە کورت سەبارەت بەچەمکێکی تایبەت لەنێو بەرنامەی داواکراو ، خوێندنەوەی کتێبی پەیوەست بەباتەکەو نمایشکردنی پوختەیەکی لەماوەی کورتدا ، ئامادەیی بۆ تاقیکردنەوەی ماوە کورت و لەناکاو، بەشداری لە راڤەی بابەتەکە لە نێو پۆلدا . لە کۆتایدا ئەمانە کۆدەکرێتەوە و ڕێژەی (40٪) لێدەردەهێنرێت .

دووەم: لە (60٪)ی نمرەکان، تایبەتە بە تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ.

**15. دەرئەنجامەکانی فێربوون**

قوتابی بەڕێز..

وەرگرتنی ئەم کۆرسە بەتەواوی لەلایەن قوتانییانەوە، بە مەرجێك ئامادەیی و پابەندیی تەواوت هەبێت لەگەڵیدا، هەروەها بەسەرنجەوە

بەشداری تێدا بکەیت و بەدواداچوونی هەبێت بۆ سەرچاوەکانی، ئەوا بەدڵنیاییەوە سوودێکی زۆری دەبێت بۆیان بە تایبەتی لەلایەنی مەعریفی کە ئەم کۆرسە زانیاری و چەمك و زاراوەیەکی زۆری پێ ئاشنا دەکات سەبارەت بە هونەرەکانی پەخشان . کە پانتاییەکی زۆریان لە دونیای ئەدەبی کوردیدا داگیر کردووە , ئەمە جگە لەوەی کە لە دوارۆژدا و لە ژیانی کارکردندا وەکو مامۆستای بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی و پسپۆر لەو بوارەدا پێویستە شارەزایەکی باشی هەبێت لە بواری ئەدەبیاتی کوردیمان کە ئەمەش کارئاسانیت بۆ دەکات بۆ دۆزینەوەی هەلی کار لەهەر شوێنێك کە نزیك بێت لەتایبەتمەندییەکەیان. ئەمە جگە لەوە بەتەواوکردنی ئەم کۆرسە لەلایەنی رۆشنبیرییەوە گەشە دەکات و وکەسێکی رۆشنبیری لێدەردەچێت.

**16. لیستی سەرچاوە**

**سەرچاوە بنەڕەتییەکان:**

- کوردی :
- پەخشان ، عەزیز گەردی ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولیر ، 1984
- پەخشان ، عبدالرزاق بیمار ، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد ، بغداد ، 1985
- ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ، د. شکریە رەسول ، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد ، بغداد ، 1985
- شێواز لە کورتە چیرۆکی کوردیدا ، د. سلیم رەشید ، چاپخانەی رۆژهەلات ، هەولێر 2012
- ڕەوانبیژی ، عەزیز گەردی ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولیر ، 2002
- ئەدەبیاتی نوێی کوردی، د.عیزەدین مستەفا رەسوول،1990.
- تیشکێك بۆ سەر رۆمان ، عبدوالرحمان منیف ، وەرگێڕانی شیرین . ك ، کوردستان ، سلیمانی ، 2006
- دەربارەی رۆمان ، مەهدی سالح ، هەولیر ، 2006
- رۆمانی کوردی ، سابیر رشید ، دەزگای چاپ و بلاوکراوەی ئاراس ، هەولیر ، 2007
- چیرۆکی هونەری کوردی ، زاهیر رۆژبەیانی ، وەزارەتی رۆشنبیری ، 1997
- مەسەلەی ویژدان ، ئیحسان فوئاد ، چاپخانە ئیرشاد ، بەغداد ، 1970
- لێکۆڵینەوەو بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی 1925–1969 ،عومەر مەعروف بەرزنجی ، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، بەغدا 1978 .

| 17. بابەتەکان | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|
| | |

- تەوەررەی یەکەم/ پەخشان
- ئەدەب ، چەمك و پێناسە
- جۆرەکانی ئەدەب و مێژووی سەرهەڵدانی پەخشان
- زاراوەی پەخشان لە نێو فەرهەنگەکاندا
- تەوەررەی دووەم/
- پەخشانی کوردی سەرهەڵدان
- سەرەنجام جیلوە و مەسحەفا رەش –
- ئاقیییەی کوردی
- میعراجنامە
- مەولودنامە
- تەوەررەی سێیەم/
- پەخشان و ڕۆژنامەگەری
- ڕۆژنامە کوردییەکان سەرەتاکانی رۆژنامەگەری
- کوردستان پیشکەوتن
- رۆلی مێجەرسۆن لە پێشکەوتنی پەخشانی کوردی
- ڕۆژنامەی گەلاوێژ و رۆڵی لە پێشکەوتنی پەخشانی کوردی
- تەوەررەی چوارەم/
- هونەرەکانی پەخشان
- هەقایەت
- پەندی پێشینان
- قسەی نەستەق
- مەتەڵ
- نامە
- سەرگوزشتەی
- ڕاگوزاری
- وتار
- خوتبە

| | |
|---|---|
| | - چیرۆك<br>- رۆمان<br>- دراما و جۆرەکانی<br>- شانۆگەری<br>- درامای سینەما و تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ |
| | 18. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) : **نووسینی وتار ، خوتبە ، چیرۆك** |
| | **نییمە** |

**19. تاقیکردنەوەکان**

1. پرسیاری وتاری، پێناسە. هۆکار
2. راست وچەوت
3. بژاردەیزۆر
4. نموونە دەق و شیکار کردنی دەق

**20. تێبینی تر**

**قوتابییان دەتوانن نزیك لە سەرچاوە دیاریکراوەکانی نێو ئەم کۆرس بووکە ، لەچوارچێوەی کۆرس بووکەکە دەربچن و بەدواداچوونی زیاتر بکەن بۆ بابەتەکە ، هەروەها دەتوانن لەسەرچاوەی ترەوە باس لەو شتانەە بکەن کە من باسم کردوون.. نمنەی زیاتر و نوێ جگە لە نموونەی موحازەرات بهێننەوە .**

**21. پێداچوونەوەی هاوەڵ**

**د. فەرهەنگ موزەفەر**